# گەشتێک بە ناو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا

بنار مستەفا

ئەگەر کەسێک چاوێک بەو وتارانەدا بخشێنێت کە قەڵەم بە دەستانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاوی دەکەنەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێوە سەر سوڕمانێکی بەهێز دایدەگرێت. هەروەها بە دڵنیاییەوە پرسیارێک لای خوێنەر دروست دەبێت: ئایا تۆ بڵێیت بەڕاستی ئەم "نووسەرانە" بڕوایان بەو ڕستانەیان هەبێت کە دەینوسن؟ تۆ بڵێیت ئەوە بیروبۆچونیان بێت دەربارەی ڕوداوەکان و ڕاستیەکان... هتد. بەڵام هەرچۆنێک بیخوێنیتەوە و دووبارەی بکەیتەوە، لە کۆتایدا تەنیا بە یەک ئەنجام دەگەیت، کە قەڵەمەکانیان خستۆتە کار دژی خواست و ئارەزوەکانی خەڵکی.

سەرەتا لە ئەمیر نامقەوە دەستی پێ ئەکەم کە دەڵێت جەلال تاڵەبانی کلیلی گرێکوێرەکانە[1]. من گومانم هەیە لەوەی ئەم "نووسەرە" باوەڕی بەو ڕستانە هەبێت کە خستوێتیە سەر کاغەز. بەڵام ڕەنگە ئەمە بەلای خەڵکی کوردستانەوە سەیر نەبێت. چونکە دەسەڵات هەوڵ ئەدات بە شێوەی جۆراوجۆر ڕاستیەکان بشێوێنێت وە سیمای دەسەڵات جوان بکات لە لایەن خەڵکەوە. ئەم وتارەی ئەمیر نامقیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی ئەدۆزێتەوە.

لەو باوەڕەدا نیم ئەم جۆرە وتارانە پێویست بە وەڵام دانەوە بکات، ناونیشانی ئەو وتارە پێشانی هەر کەسێکی بدەیت یاخود گوێ بیستیبێت، ئەگەر قاقای پێکەنین نەیگرێت لانی کەم زەردەخەنەیەک دێتە سەر لێوی. "نووسەر" دەڵێت "مام جلال هەمیشە هەوڵیداوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە قوربانی کورد بکات، نەک کورد بکاتە قوربانی یەکێتی." (پێشتر ئەم هەواڵەم نەبیستبوو)، دیارە "نووسەر" ئاگای لە فەقیری و دەست کورتی خەڵکی کوردستان نییە، کە بونەتە قوربانی سیاسەتە چەپەڵەکانی جەلال تاڵەبانی و ینک. ئایا ینک بە جۆرێک بۆتە قوربانی خەڵکی کە لە سەر حسابی خەڵکی بەرپرسانی خەریکی پارە کۆکردنەوە و پارە خەواندن؟ ئایا شەڕی ناوخۆ و هێنانی پاسدارانی ئێران بۆ کوردستان و سادو سەودا لەگەڵ حکومەتی بەعسدا ئەو نمونانەن کە یەکێتی کردۆتە قوربانی خەڵکی کوردستان؟ ئاشکرابوونی فایلی سەرانی ینک لە ئارشیفی بەعسدا لە پێناو خەڵکی کوردستاندا بوو؟ دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ هێزە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان و عەشیرەتەکاندا لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکیدایە. ئایا بوونی بە سەرۆک کۆماری دەسەڵاتێکی عارەبی ئیسلامی کۆنەپەرستی دەستکەلای ئەمەریکا جۆرێکە لە قوربانی بۆ خەلکی کوردستان؟

دیارە ئەم "نووسەرە" گرێ کوێرە لە دابەش کردنی پۆستەکاندا دەبینێت، بۆیە دەڵێت: "بە هاتنەوەی سەرۆک کۆمار بۆ هەرێمی کوردستان... سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراو... سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردراو... پۆستەکانی دەسەڵات لە کەرکوک دیاریکراو..." لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان لە برسێتی و بێ مەینەتیدا ژیان دەکەن، ینک و پدک ناکۆکن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی دەسەڵات، و دابەشکردنیان بە مانای کردنەوەی گرێ کوێرەکان دێت؟ باشە ئەم "نووسەرە" دەزانێت کە ئایا داخوازی خەڵکی کوردستان چییە؟ سەربەخۆییە؟ یان ئەو فیدڕالیەی کە ئێوە بێ پرس بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە قسە و باسی لێ دەکەن و کاسپی پێوە دەکەن؟ ئەگەر یەکێک ئاگاداری ڕوداوەکانی کوردستان نەبێت، خۆزگە بە حزبێکی وەک یەکێتی و سکرتێرێکی وەک جەلال تاڵەبانی دەخوازێت، نازانێت کە ئەمانە چ بەڵایەکن بەسەر خەڵکەوە.

"نووسەرێکی" دی، عادل عەلی دەربارەی ڕێپێوانەکان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی خەڵکی کوردستان لە ژێر پرسیاری: ی.ن.ک لە کوێی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکاندایە؟[2] وتارێکی نوسیوەو لە سەرەتادا دەڵێت "ماوەیەکە هەرێمی کوردستان لێرەو لەوێ شەپۆلی نارەزایەتی لە بەرامبەر گەندەڵی و سستی و کەمی خزمەتگوزاریەکانی بە خۆیەوە بینیوە..." باوەڕناکەم "نووسەر" بێ ئاگابێت لەوەی کە هۆی کەمی خزمەت گوزاری دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ سەرچاوەی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ هۆکەی چییە کە خەڵکی گەیاندۆتە ئاستی خۆپیشاندان و ڕێپێوان و تەنانەت مانگرتنیش؟ بۆ دڵنیای و وەبیرهێنانەوەی عادل بەکورتی باسی دەکەم. هۆکەی ئەوەیە کە سەران و بەرپرسانی ینک کاسپی بە موڵکومالی خەڵکیەوە دەکەن، لەسەر حسابی خەڵکی خەریکی سەروەت و سامان کۆکردنەوەن، خەڵکیش هەر چۆنێک دەژی، خزمەتگوزاری باشە یان خراپە کێشەی ئەوان نییە. هەر ئەوەندە لەسەر کورسی دەسەڵات بن و گیرفانیان پڕبێت، بەکورتی لەبەر ئەوەی خەڵکیان کردوە بە قوربانی خۆیان. (وێنەیەک بۆ ئەمیر نامق)

ئاشکرایە کە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان گەشتۆتە ئاستێکی زۆر فراوان تەنانەت قەڵەم بە دەستانی یەکیش ناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن. بۆیە ئەم "نووسەرە" ئەمسەر و ئەوسەر دەکات کە بەزۆر بەشێکی بلکێنێ بە یەکەوە و بڵێ کە یەک لەگەڵ داخوازی خەڵکیدایە. من لێرەدا بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەی (ناونیشانەکەی) سەرەوەی دەدەمەوە و دەڵێم کە یەک لە بەرامبەر ئەم خۆپیشاندانانەدا وەستاوە، چونکە خۆپیشاندانەکان دژ بە دەسەڵاتە دیکتاتۆرو خۆپەرستەکەی یەکێتی نیشتیمانیە. وەک وایە قەڵەم بەدەستێکی بەعسی بپرسێ "بەعس لەکوێی ڕاپەڕینەکەی 1991دا بوو؟"

لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵێت: یەک هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە.. لە کوێ چەوسانەوەو زوڵم هەبوایە، یەک لەوێ بوو، بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی. هەروەها دەڵێت: ڕەنگە لەو نێوەندەدا باجی زۆری دابێت. ئەم وشانە بە پێچەوانەی ویستی نوسەرەوە پەیامێک دەدات، کە خۆشی بە گومانە لەو وشانە. من دەڵێم کە ئەو بێ گومانە لەوەی پێچەوانەکەی ڕاستە. نمونەیەک بۆ ناڕاستی ئەو بابەتە دژایەتی کردنی ناڕەزایەتی خوێندکارانی زانکۆی موسڵە لە لایەن یەکەوە لە ساڵی 1984دا[3].

هەروەها "نووسەر" دەڵێت "ی.ن.ک هەڵقوڵاوی هەناوی خەڵکە لە بەرنامەو پرۆگرامەکەشیدا بە ڕوون و ئاشکرا هاتووە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن" پاشان دەڵێت "لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا ڕێکخستنەکانی هەڵوێستی دروستیان نواند و بوونە نوێنەری خەڵکی ناڕازی و داخوازیاکانی خەڵکیان گەیاندە شوێنی پەیوەندیدار و بەرگریان لێکرد." ئاخۆ خەڵکی ناڕازی چ بڵێن ئەگەر گوێ بیستی ئەم وشانە بن؟ باشە ئەگەر یەک باوەڕی بە ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان هەیە بۆ بە تەقە و لێدان وەڵامی خۆپیشاندانی خوێندکارانیان و دەیان خۆپیشاندانی تریان دایەوە؟ بۆچی لەسەر ڕادەربڕین ڕێبوار عارف حەفتەیەک زیندانی دەکرێت؟ بۆچی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە قەدەغەکراون؟ ...؟ ئەی دەربارەی ئەم ڕوداوانەی دوای شاری ڕانیە... ئەمە کەی وە لە کوێ ڕێکخستنەکانی یەک نوێنەری خەڵکی ناڕازی بونە؟ کەی و لەکوێ داخوازیەکانی خەڵکیان گەیاندە شوێنی پەیوەندیدار؟ کەی یەک بەرگری لە داخوازی خەڵکی کردوە؟ پێ دەچێت "نووسەر" مەبەستی لەوەبێت کە ڕێکخستنەکانی یەک لە ڕانیە لەو پەڕی هەوڵدا بوون بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکەی شاری ڕانیە، کە دەیان وت "ئەوانە گێرەشێوێنن" و هەوڵیان دەدا مانگرتنەکە تێک بدەن. ئەمە ناچێتە خانەی پشتگیری لە خەڵکی ناڕازی!

لەو ژمارەیەی کە عادل عەلی لە لاپەڕە هەشتدا ئەم وتارەی نووسیوە، لە لاپەڕە یەکی هەمان ژمارەدا بە مانشێتی گەورە نوسراوە: تاڵەبانی فەرمانی دا بە سەرفکردنی 50 هەزار دۆلار بۆ مەزاری ئیمام عەلی[4] (لە نەجەف). من لە عادل دەپرسم، ئایا تاڵەبانی چەندێکی لە پێناو فەقیران و بێ بەشانی نەجەفدا سەرفکردوە، یان لە پێناو منداڵانی بێ سەروشوێندا؟ ئەگەر لەبری دامو دەزگای دینی بڕێکیشی بۆ جەماوەری کوردستان سەرفبکردایە،ئایە ڕێپێوانەکان کەم نەدەبونەوە؟ ئەگەر 50 هەزاری بۆ هەژارانی ڕانیە سەرفبکردایە، ڕەنگە تۆی بپاراستایە لە نوسینی ئەو چەشنە وتارانە.

"نووسەرێکی" کە، تابان شێخ عەبدوڵا گەرمیانی لە ژێر ناونیشانی "کورد دۆستی ئەمریکایە" وتارێکی نووسیوەو باس لەوە دەکات کە چۆن لە کاتی جەنگدا خەڵکی بە خۆشیەوە بەرەو پیری هێزەکانی ئەمەریکا دەڕۆشتن و گلەی ئەوە دەکات کە ئێستا ئەو دیاردەیە کەمبۆتەوەو خەڵکی داوای چونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن[5]. من چوونی خەڵک بەرەو پیری هێزەکانی ئەمەریکام زۆر بە کەمی بینی، چونکە خەڵکێکی زۆر دژ بە شەڕ بوون. ئەوە تەنها حزبە کۆنەپەرستەکان بوون کە تا بەعس مابوو یاری مشک و پشیلەیان لەگەڵ دەکرد و خۆیان ئامادە کردبوو بەسەر لاشەی قوربانیانی جەنگدا بگەنە کورسی دەسەڵات. ئەگەر کەسێک نەختێک ئاشنای مێژوو بێت، دەزانێت ئەمەریکا هیچ کات و لە هیچ جێگەیەک نەبۆتە جێی خۆشباوەڕی خەڵک تا شای بۆ سازدەن، بگرە زیاتر بووەتە مایەی ماڵ وێرانکاری و دەردەسەری و کوشت و کوشتار. هیرۆشیما و ناگازاکی، ڤێتنام، سەلڤادۆر، بورما، لاۆس، کەنداو...هتد. نمونەی زیندون و تا ئێستاش ئاکامەکانی بە بەرچاو هەمووانەوەیە.

کوژرانی زیاتر لە 128 000 کەسی مەدەنی لە ماوەی دوو ساڵدا، وێنەکان لە زیندانی ئەبوغریبەوە، نەبوونی خۆراک و ئاو و دەرمان، کەمی خزمەتگوزاری، زیاد بوونی تیرۆریست بە هۆی داگیرکاری ئەمەریکاوە، هێنانەوەی بەعسیەکان بۆ جێگە کۆنەکانیان، سازدانی مەزهەلەیەک کە ناوی لێنرا "هەڵبژاردن،" دانی پۆستی پلەو پایەی بەرز بە چەندین کەسی تاوانبار و تیرۆریست، ڕێژەیەکی زۆری بێکاری، دانی دەسەڵات بە ئیسلامی سیاسی... هتد. ئەمانە هەمووی سەرچاوەی جەنگێکە کە

ئەمەریکا خوڵقاندی، جگە لەوەی ئەمەریکا لە زۆر تاواندا دەستی هەبووە، وەک یارمەتی دانی سەدام حسین و بی دەنگی لە زۆر کارەسات، وەک کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و جینۆساید و قەتلوعامی دڕندانەی ئەو کەسانەی لە ساڵی 1991دا ڕاپەڕین. ئەگەر ئەم تاوانانە کافی نەبن بۆ داخوازی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئاخۆ دەبێت چاوەڕوانی چی بکەین؟ چی ماوە نەیبینین؟ دیارە مانەوەی ئەمەریکا قازانجی تاکە کەس و هەندێ حزبی کۆنەپەرستی تێدایە، کە کاتیان نییە ئاوڕێک لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی بدەنەوە، هەر کورسیەکان و سەروەت و سامانیان سەلامەت بێت، خەڵکی ئارەزوی خۆیەتی.

لە کۆتای وتارەکەیدا تابان بەوە دەگات کە کورد تەنها بەشێکە لە عێراق کە دۆستایەتی ئەمەریکا دەکات و بە ئیحتیلالی ناونابات، و داوا دەکات کە ئەمەریکاش ئەم هەڵوێستەی "کورد" بەرز بنرخێنێت و پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکات، چونکە ئەگەر وانەکات، ناتوانیت سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا بباتە پێشەوە. لێرەدا دیارە کە کورد بە مانای یەکێتی و پارتی دێت، نەک خەڵکی کوردستان. ئەوەتا زۆر ڕاشکاوانە باس دەکات کە ئەمان سیاسەتی ئەمەریکا دەبەنە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا ئەو بایەخەیان پێ نادات، بۆردومانی شاری هەولێر و وەڵام نەدانەوە بە داواکاریەکانیان بچوکترین نمونەن. وانەبووایە ئەم وتارەی تابان زیادە دەبوو. سەبارەت بەوەی کە یەکێتی و پارتی تەنها دۆستی ئەمەریکان ڕاست نییە، هەموو دەستە و تاقم و حزبە کۆنەپەرستەکان بوونیان پابەندە بە مانەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا.

لە دەستەی هاوکاری ڕانیەوە خەلیل عەلی وتارێکی نووسیوە لە ژێر ناوی "شاری ڕانیە بۆ مانی گرت؟" پاش باسکردنی بە کورتی لە گەندەڵی و کێشەو گرفتەکانی شاری ڕانیە و وەڵام نەدانەوەیان لە لایەن بەرپرسانەوە جار بە جار و بە تایبەتی لە کۆتایی وتارەکەیدا باس لە خۆشەویستی خەڵکی دەکات بۆ حکومەتی هەرێم و دەڵێت "مانگرتنی شاری ڕانیە، مانگرتنێک بوو بۆ دوبارە سەلماندنەوەی وەفا و دڵسۆزی هاوولاتیانی ئەو شارە بۆ حکومەتەکەیان... ئەو جارە بۆ جوانتر کردنی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی حکومەت بۆ هاوولاتیان، بۆ ئەوەی هاوولاتی جارێکی دی هەست بکات ئەو حکومەتە نوایە بۆ هەمووان نەک بۆ چەند کەسێک و هیچی تر[6]."

پێویست ناکات خەلیل خەمخۆری گەڕاندنەوەی متمانەی حکومەت بێت بۆخەڵکی، چونکە حکومەتی هەرێم هیچ متمانەیەکی نەماوە لە لایەن خەڵکیەوە تا بیگەڕێنێتەوە، وە بۆ خۆم جێی پرسیارە کەی ئەم متمانەیەی هەبووە؟ بە داخەوە کە ئەو حکومەتە هی چەند کەسێکە و هیچی تر، بە پێچەوانەی خوازیاری "نووسەر" باوەڕ ناکەم خەڵکی هیچ جۆرە هەستێکی هەبێت لەوەی کە ئەو حکومەتە هی هەمووانە. ئەگەر ئەو حکومەتە هی هەمووان بوایە، حکومەتەکە کارێکی بۆ هاوڵاتیان دەکرد، لانی کەم گوێی بۆ ئێوە شل دەکرد، هەڕەشەی لە خۆپیشاندان و مانگرتن نەدەکرد... هتد. چەند کەسێک لەسەرەوەی خەڵکەوە خۆیان ناوناوە حکومەت، پەرلەمانێکیان دانا کە 13 ساڵی خایاند، بازرگانیان بە هەموو شتێکی خەڵکیەوە کرد. لەو باوەڕەدانیم کە حکومەت نیگەران بێت لەوەی متمانەی لای خەڵکی نییە، هەر ئەوەندە گیرفانیان پڕ بێت، ئەگەر ناڕازی خەڵکی گەشتە ئاستی مانگرتن و خۆپیشاندانی فراوان، ئەوا ئاوڕێکیان لێ دەدەنەوە.

قەڵەم بەدەستێکی ناسراوی ینک جەمال عەبدوڵا لە وتارێکیدا با ناوی (ئەرکی حکومەتی ئێمە)دا دەڵێت کە حکومەتی هەرێم (سلێمانی) ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شانە، ئەویش هەم حوکم کردن هەم چاودێری کردنی حکومەت، واتە ئۆپۆسیزیۆن بوون[7]. لەبەر ئەوەی خەڵکی نایکات، هەروەها دەڵێت کە حکومەتی ئێمە لە ڕەخنە سڵ نابێت و بگرە خۆشی داوای ڕەخنەی کردوە. لە جێگەیەکیشدا ئیشارەت بەوە دەکات کە خەڵکی باوەڕی بە رۆژنامەگەری ئازاد نییە کە لە کوردستاندا هەبێت.

ئاخۆ کێ ئەم قسانە لە جەمال بکڕێتەوە؟ ئەو خۆی دان بەوەدا دەنێت کە خەڵکی باوەڕی بە ڕۆژنامەگەری ئازاد نییە. ئاخۆ خەڵکی بە بێ هۆ ئەم بێ باوەڕیەی لا دروست بووە؟ ئەگەر چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دانەخرانایە و چەندین ڕۆژنامەوان و نووسەر زیندانی نەکرانایە و سنوریان بۆ دانەنرایە... ئایا خەڵکێ باوەڕێکی کەیان نەدەبوو؟ قەد لەو باوەڕەدا نیم کە هیچ حکومەتێک کەسی ئۆپۆسیزۆنی نەبێت، ئەو حکومەتانە کە ئۆپۆسیزیۆنیان نییە بیری جیاواز سەرکوت دەکەن و ڕێگە بە هەڵسوڕاوی موخالیفینی خۆیان نادەن، لەسەر بیروبۆچونی جیاواز خەڵکی زیندانی دەکرێن. ئەگەر حکومەتەکەی ئێوە ڕێگە بە بیروبۆچونی جیاواز بدات، ئەوا پێویستی بەم هەوڵە سەرنەکەوتووەی تۆ نەدەکرد، کە بڵێیت حکومەت هەم حوکم دەکا و هەم چاودێری. جونکە ئەوە ئەرکی حکومەتە دیکتاتۆرەکانە. دروستتر بڵێم، ئەرکی نوسەری ئەو حکومەتانەیە بەو شێوەیە بدوێن.

هەروەها لە زنجیرە نووسینێکیدا لە ژێر ناوی وەزیفەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ جەمال خۆی بەوە دەگەێنێت کە حکومەتەکەی لە حکومەتی ڕەفاهی گشتیە، بەوەی کە پێداویستی بۆ هاولاتیان دابین دەکات، وە دەڵێت ئەگەر حکومەتەکەمان لیبراڵ بوایە، ئەوا حەقمان بەسەر ئەو کەسانەوە نە دەبوو کە ئیشیان نییە و سەرچاوەی بژێویان نییە[8]. ئەگەر یەکێک ڕۆژێک لە کوردستاندا بوبێت لە ماوەی 15ساڵی ڕابردوودا، ئەوە نەک پێکەنینی بەم قسانە دێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەزەییشی پێدا دێتەوە. من هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر ئەو وشانە ڕاست بونایە، تۆ ئەم وتارانەت نەدەنووسی، لانی کەم قەڵەمەکەتت بەو شێوەیە نەدەخستە کار.

هەروەها دەڵێت، حکومەت بۆیە سواڵکەران دەگرێت بۆ ئەوەی لێیان بکۆڵێتەوە، لەبەر چی سواڵ دەکەن؟ چونکە کێشەکانیان لە لایەن حکومەتەوە چارەسەریان هەیە، مەگەر بۆ زەوق و فێربوون نەبێت، ئەمەیان شارستانی نییە. ئاخۆ کەس هەبێت بۆ زەوق یان بۆ فێربوون سواڵ بکات؟ کەسانێک سواڵ دەکەن کە حکومەت پاروی دەمیشیان پێ ڕەوا نابینێت، بێ کارن و هیچ سەرچاوەیەکی بژێویان نییە، حکومەت ئیهمالی کردوون و هیچ ڕەحم و بەزەییەکی بۆیان نییە، ناچار بۆ ماناوەیان لە ژیاندا دەستیان بۆ سواڵ کردن بردووە، ئەگەر حکومەت ئەم کێشانەی چارەسەر بکردایە، یان لانی کەم ئاوڕێکی لێ بدانایەتەوە، ئەوە سواڵ کردن نەدەبوو، پێویستی بەوە نەدەکرد پۆلیسەکان ڕاسپێردرێن بۆ دەستگیرکردنیان. پێویستی نەدەکرد ئەو هەستە دروست بێت ئاخۆ کاسانێک بۆ زەوق سواڵ بکەن، یان بۆ فێربوون؟؟!!

لە بەشی سێهەمی زنجیرە نوسینەکەیدا دەڵێت: ئەگەر لینین بمایە دەیگوت دەوڵەت وەسیلەی چەوسانەوەی چینێکە بەسەر چینێکی کەداو وەزیفەی حکومەتیشی وا لێکدەدایەوە کە زوڵم لە چینێک بۆ چینێک دەکات، هەروەها دەڵێت، لە واقعی دنیای زۆربەی زۆری حکومەتە دیموکرات و هاوچەرخەکانی ئێستادا ئەم ئتهامەی لینین لە شوێنی خۆی نییە. چونکە حکومەتە دیموکراتیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە نەبێتە تەرەف لە نێوان چینوتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. هەروەها دەڵێت کە حکومەتەکەی ئێمەش تەرفەی یەک چین یان یەک توێژی کۆمەڵایەتی نییە[9].

ئەگەر جەمال ئاگای لە حکومەتە دیموکراتەکان بوایە ئەم قسەیەی نەدەکرد، ئەوەی ئاماژەی پێکردوە بیروبۆچونی لینینە نەک (ئەگەر بمایە وای دەگوت) ئەو ئتهامەیشی لە سەدا سەد لە جێی خۆیەتی! لە ژێر نیزامی سەرمایەداریدا هەمیشە حکومەت نوێنەری چینێکە. بۆیە من پێناسەیەکی مارکسی دەهێنمەوە بۆ دەوڵەت، (دەوڵەت دەسەڵاتی ئەو چینەیە کە لە ڕووی ئابوریەوە زاڵە)، ئەمە پێناسەیەکی مارکسیزم – لینیزمە بۆ دەوڵەت. چونکە دەوڵەت پێک هاتوە لە زۆرێک لە دەستگاکان، لە سوپا، دەستور، پەرلەمان، میدیا و دەیان دەستگای تر، کە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و نا ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەو چینەن کە لە ڕووی ئابوریەوە دەسەڵات دارە وە هەموو ئەمانە پارێزەری سەروەت و سامانی ئەو چینەیە، تەنانەت شەڕە کوشندەکانیشیان بەردەوامبوونی هەمان سیاسەتی ئەو دەوڵەتەیە، دروستتر بڵێین ئەو چینەیە کە ئەیەوێ لە ڕێگەی شەڕەوە شکڵ و سیمایەک بدات بە دەوڵەتەکە بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو دامو دەزگاکانی دەوڵەت لە خزمەتی چینێکدایە. مەرجیش نییە ئەو دەوڵەتە ڕاستەوخۆ بانگەوازی ئەمە بکات، بە دەوڵەتی پەرلەمانیەوە، بە دەوڵەتی سەربازیەوە، بە دەوڵەتە مەزهەبیەکانەوە، بە دەوڵەت بە هەموو شێوەکانیەوە کە ئێستا بوونی هەیە کار بۆ زاڵ بوونی چینی سەرمایەداری بە سەر خەڵکی بەدبەخت و زەحمەتکێشدا دەکەن. بە نیسبەت حکومەتی هەرێمیشەوە، دەپرسم 15 ساڵی ڕابردوو لە تەڕەفی چ چینێک بووە؟

لە بەشی پێنجەمیدا باس لە کێشەی کارەبا و ئەو هەوڵانە دەکات کە حکومەتی هەرێم داوێتی بۆ دابینکردنی کارەبا، وا پێشان دەدات کە گوایە حکومەت هیچ کەم تەرخەمیەکی نەکردوە و هەوڵی بێ وچانی داوە بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ خەڵکی. وە لە هەمووشی خۆشتر لە کۆتایدا ڕایدەگەێنێت: "کە چ کەس و لایەنێک ئامەدەیە لە گەڵماندا ئەم ئەزمەیە چارەسەر بکات وەرن مومتەلەکاتی شەخسیی سەرۆکی حکومەت بە کراسەکەی بەریشیەوە دەفرۆشین بۆ چارەسەری ئەزمەی کەمی کارەبا. باشە؟"[10]

دوای قاقایەکی پێکەنین، پێویستە دەست خۆشی لە سەرۆکی حکومەت و جەمال عەبدوڵا بکەین، کە ئامادەن تەنانەت کراسەکەی بەری سەرۆکی حکومەتیش بفرۆشن بۆ دابینکردنی کارەبا؟؟ ئەگەر هەموو دەسەڵاتێک ئەوەندە دڵسۆزبوایە بۆ گەلەکەی، ئەم دنیایە پێویستی بە گۆڕان نەدەکرد. پێم خۆشبوو جەمال ئەم قسەیەی لە ناو خەڵکیدا بکردایە، بۆ ئەوەی

وەڵامی وەرگرتایەتەوە... من هەر ئەوەندە دەڵێم، پێویست بە کراسەکەی بەری سەرۆکی حکومەت ناکات، ئەو پارەیەی لە خەڵکی دزراوە زۆریشی زیادە بۆ دابینکردنی تەواوی کارەبای ناوچەکە، ئەگەر حکومەتێک حکومەت بوایە و مەبەستی بوایە زۆر بە ئاسانی کارەبای بۆ خەڵکی دابین دەکرد، پێویستی بە فرۆشتنی کراسی بەری سەرۆکی حکومەتەکەی نەدەکرد، وە پێویستی نەدەبوو "نووسەرێک" ئەم قسەنا بخاتە سەر کاغەز. ئاخر ئەگەر حکومەتێک نەتوانێت کارەبا دابین بکات و پەنا بۆ ئەو جۆرە قسانە بەرێت لە ڕێگەی "نووسەرەکانیانەوە"، ئەم حکومەتە بۆچی باشە؟ ئەم حکومەتەیە کە پێویستە ببێتە نمونە؟ کێشەکە تەنها بەوە چارەسەر دەبێت، کە حکومەت کارێکی بچوک بکات و کەمێک لەو پارە خەوتوانەی بانقەکانی جیهان (کە پارەی پاروی دەمی خەڵکیە) تەرخان بکات بۆی، کارەبا دابین دەبێت، سەرۆکی حکومەتیش کراسەکەی دەپارێزێت و بۆ خۆی دەمێنێتەوە.

بە داخەوە لە دەسەڵاتەکانی نمونەی ینک زۆرن، بەڵام ئەم "نووسەرانە" لەگەڵ دەوڵەتان و دەسەڵاتانی پێشکەوتو و شارستانیدا بەراوردی دەکەن. لە دەسەڵاتە شارستانیەکاندا هیچ دەسەڵاتێک نییە ئەوەندەی ینک خراپ بێت، هیچ دەسەڵاتێکیش نییە ئەوەندەی ینک قەڵەم بەدەستی هەبێت.

ئەگەر جەلال تاڵەبانی کلیلی گرێکوێرەکان بوایە و ینک لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵکیدا بوایە، حکومەتەکەی ینک کارەکانی سەرکەوتوانە بوایە، خەڵکی کوردستان دوور دەبوون لە دەردەسەری و نەگبەتی تەواوی کێشەو گرفتەکانیان، کە ئەوە بۆ ماوەی 15 ساڵە تووشی بوون، وە پێش هەموو شتێک ئێوە ناچاری لەو چەشنە نووسینانە نەدەبوون. لە کۆتایدا ناچارم جارێکی دی پێتان بڵێم قەڵەمەکانتان بەڕاستی لە دژی خواستی خەڵکیە.

3.8.2005

bnarmustafa@yahoo.co.uk

---

سەرچاوەکان:

1 ئەمیر نامق: مام جەلال کلیلی گرێ کوێرەکانە، کوردستانی نوێ ژ3717 (7.7.2005) ل8
2 عادل عەلی: ی.ن.ک لە کوێی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکاندایە؟، کوردستانی نوێ ژ 3718 (8.7.2005) ل8
3 چاوپێکەوتن لەگەڵ سامان کەریم: بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر ژ 107 (1.4.2005) ل4
4 مانشێتی کوردستانی نوێ: ژ 3718 (8.7.2005) ل1
5 تابان شێخ عەبدوڵا گەرمیانی: کورد دۆستی ئەمەریکایە، کوردستانی نوێ ژ 3725 (18.7.2005) ل8
6 خەلیل عەلی: شاری ڕانیە بۆ مانی گرت؟ کوردستانی نوێ ژ 3725 (18.7.2005) ل8
7 جەمال عەبدوڵا: ئەرکی حکومەتی ئێمە، کوردستانی نوێ ژ 3715 (5.7.2005) ل7
8 جەمال عەبدوڵا: وەزیفەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چیە؟ بەشی2 کوردستانی نوێ ژ 3725 (18.7.2005) ل7
9 جەمال عەبدوڵا: وەزیفەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چیە؟ بەشی3 کوردستانی نوێ ژ 3726 (19.7.2005) ل7
10. جەمال عەبدوڵا: وەزیفەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چیە؟ بەشی3 کوردستانی نوێ ژ 3728 (21.7.2005) ل7